ککوتنک کتایی بە ناکۆکی لەسەر سەرکردایەتی پەرلەمان دەهێنێت

دوای ئەوەی لە دانیشتنی دوێنێی پەرلەمانی عێراق دا، دەمقاڵە لێنەوان مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پەرلەمان و موحسین مەندەلاوی جێگری یەکەمی دروست بو، ئەمە مەندەلاوی لەگەڵ شاخەوان عەبدوڵا، جێگری دوەمی سەرۆکی پەرلەمان سەردانی مەشهەدانیان کردوە و ناکۆکیکانیان چارەسەرکرد، پەرلەمانیش بەرنامەی کاری دانیشتنی سبەینێی خۆی بەاوکردوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ئەمە سەشەمە مەحمود مەشهەدانی لە شوێنی نیشتجێبونی خۆی پەشوازی لە موحسین مەندەلاوی و شاخەوان عەبدوڵا کرد بە تاوتوێکردنی کاروباری دانیشتنی پەشو و ڕوداوەکان.
ئاماژەی بەوەشکرد، لە میانی دیدارەکەدا جەخت لەسەر پابەندبونی هاوبەش بە پاراستنی پرەنسیپی دیموکراسی و دەستبەرکردنی بەردەوامیی کارەکانی پەرلەمان بە پێی بڕگەکانی دەستور و پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کرایەوە. هەروەها سەرۆکایەتی پەرلەمان بەیاریدا سبەی چوارشەمە دانیشتن ئەنجام بدرێت بە تەواوکردنی کارنامەی دانیشتنەکان.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، سەرەکی پەرلەمان جەختی لە گرنگی پابەندبون بە ڕێکارە یاسایەکان و هەڵسوکەوتی بەرپرسیارانەی پەرلەمانی کردەوە، داوای لە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان کرد ئامادەبن و بەشێوەیەکی کارا بەشداری دانیشتنەکەی داهاتو بکەن بە دەنیابون لە سەرکەوتنی و گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکان.